حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٩٣) لە ٢٠٢٣/١/١٥

بە پشتبەستن بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو و، پشتبەستن بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٠) لە ١٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی (دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەغدا و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت) بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵی بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیاری لیژنەی هاوبەشی هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و لیژنە لاوەکییەکان سەبارەت بە دۆسیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەبەر ڕۆشنایی مینهاجی وەزاریی کابینەی ئێستای حکومەتی فیدراڵی و ڕێککەوتنی سیاسی لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەتی عێراقیی پەسەندکراو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠٢٢/١٠/٢٧.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**